KCCRC

Islamic Studies



# ڕەوتی چەپ و ڕاستی ئیسلامی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا

٢٢ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# ڕەوتی چەپ و ڕاستی ئیسلامی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا

سەباح موفیدی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٢

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

حوزەیرانی ٢٠١٨

# ڕەوتی چەپ و ڕاستی ئیسلامی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا

سەباح موفیدی

## پێشەکی

لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩، ڕەوت و باڵی سیاسی جۆراوجۆر هەبوون کە لەوانە دەکرێ بە ڕەوتی سێکیولار و لیبراڵ، ڕەوتی چەپی مارکسیستی، ڕەوتی ئیسلامی، ڕەوتی سەر بە نەتەوەکان ئاماژە بکرێت. لەم ڕەوتانە ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست و قۆرخی کرد ڕەوتی ئیسلامی بوو. بەڵام ئەم ڕەوتەش لە ناو خۆیدا وردە وردە تووشی جیاوازیی بیر و ناکۆکی بوو و ڕەوت و باڵی جیاوازی لێ بووەوە و لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە ناوی جۆراوجۆرەوە ناسراون کە بە گشتی دەکرێ لە ژێر ناوی دوو ڕەوتی چەپ و ڕاستی ئیسلامیدا باس بکرێن. لەم بابەتەدا پاش هەندێ باس لەسەر پێناسەی حزب و سنووردارێتی یاسایی بۆ چالاکی حزبی لە ئێراندا، ئاوڕێک دەدرێتەوە سەر سەرهەڵدان، جیاوازیی و چالاکی ئەو دوو ڕەوتە.

پێناسەی حزب و نەبوونی حزبی ڕاستەقینە

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا مەدەنییەکان هەبوونی گرووپ، ڕێکخراو و حزبی سیاسییە. «حزب» لە پێناسەی گشتیدا وەک گرووپێکی ڕێکخراو برێتی لە ئەندامانی هاوبیر و هاوڕێباز دێتە ئەژمار کە بە مەبەستی گەیشتن و دەستەبەرکردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیخوازانە پێکدێت و پێوەندیدەری نێوان خەڵک و سیستەمی سیاسییە و لە بەشی ناوکەوتی (Input) سیستەمی سیاسیدایە و ویست و داخوازی خەڵک کۆدەکاتەوە و فۆرمولە و کەنالیزەی دەکات بەرەو ناو سیستەمی سیاسی تا لەوێ تاوتوێ بکرێن و وەڵام بدرێنەوە. حزب زیاتر کردەی لە بواری هەڵبژاردنەکان و پەروەردەی سیاسیدا بووە و بە شێوەی ئاسایی هەر حزبێک بە ڕێبازی سیاسی و پلانی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنەکان دەبێت و سەرنجی خەڵک بەرەو پلان و بەرنامەی خۆی ڕادەکێشێت و بەوجۆرە دەکەوێتە ڕکابەرایەتی حزبەکانی تر. لەم ئاڕاستەیەدا جۆرە جیاوازەکانی حزب بوونیان هەیە و هەر کامەیان نوێنەرایەتی ویست و داخوازی بەشێک لە خەڵک دەکەن. بۆیە لە وڵاتانی دیموکراتیکدا ئازادی حزب و گرووپە سیاسییەکان لە هەموو جۆرێک پێش مەرجی هەڵبژاردنی دیموکراتیکە. لەم پێوەندییەدا گەرچی زۆرێک لە وڵاتان خۆ بە وڵاتی دیموکراتیک دەزانن، بەڵام بەپێی نەبوونی ئازادیی حزبی ناکەونە ڕیزی وڵاتانی دیموکراتیک کە لەوانە دەکرێ بە وڵاتانی خاوەن ڕژێمی کۆمونیستی تاک حزبی و تاک ئایدۆلۆژی و هەندێ وڵاتانی خاوەن حکوومەتی ئایینی ئاماژە بکرێت کە تاک ئایدۆلۆژیان و ڕێگە بە چالاکی هەر حزبێک نادەن.

کۆماری ئیسلامی ئێران لەو جۆرە ڕژێمانەیە کە بێجگە حزبە ئیسلامییەکانی سەر بە ڕژێم و نەتەوەی فارس، ڕێگە بە چالاکی دیکەی حزبەکان نادات و بە کردەوە لە دەربڕین و گواستنەوەی ویست و داخوازیی کۆمەڵانی جیاواز و گرووپە نەتەوەیی و ئایینییەکانی تر بۆ ناو سیستەم و تاوتوێ کردن و وەڵامدانەوەیان بەرگیری کردووە، تەنیا ئەو حزبانەی کە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی ڕژێمدان مافی چالاکییان هەیە. هەڵبەت تەنانەت ئەو بە ناو حزبانەش کە لە چوارچێوەی یاسای کۆماری ئیسلامیدا چالاکن، تەنیا ناوی حزبیان لە سەرە. بە پێی پێناسەی «حزب»، زۆرێک لە زانایانی بواری زانستە سیاسییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە واتای ڕاستەقینەدا حزبی سیاسی لە ئێراندا بوونی نییە، گەرچی دەکرێ لە ڕەوت و باڵە

سیاسییەکان ناو ببرێت. لەڕاستیدا ئازادی کە نەبوو حزبی راستەقینە بوونی نابێت. بۆیە سەبارەت بە ئێران باشترە بە گشتیی لە چەمک و دەستەوشەی تر لەوانە رەوت و باڵە سیاسییەکان کەڵک وەرگیردرێت.

## سنووردارێتی یاسایی بۆ چالاکی حزبیی

تایبەتمەندی گشتیی ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا لاوازی دامەزراوە سیاسییەکانە.[١] دۆخی حزب لە ئێراندا سەلمێنەری ئەو لاوازییەیە و لە هۆیەکانی ناکارامەیی حزبی سیاسی لە ئێراندا بەمانە ئاماژە کراوە: ملهوڕی و پێکهاتەی رەهای دەسەڵات، نەبوونی ئاسایش، لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی و کەمبوونی ئەزموونی بەشداریی سیاسی، هەبوونی حزبی پێڕەو و گرێدراو بە دەوڵەت.[٢] هەر بەم بۆنەوە، لەم وڵاتەدا کەلەپووری سیاسی بەشدارانە و مەدەنی پێکنەهاتووە و زیاتر سنووردار، پێڕەو ملکەچانەیە.

یەکێک لە بەربەست و لەمپەرەکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی و حزبی راستەقینە، خودی یاساکانی کۆماری ئیسلامی بووە. لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا ئازادی گروپ و حزبەکان سنووردار کراوەتەوە بە ڕێسا ئیسلامییەکان و بناغەی کۆماری ئیسلامی. بنەمای ٢٦ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێت: «حزبەکان، کۆمەڵەکان، ئەنجومەنە سیاسی و پیشەییەکان و ئەنجومەنە ئیسلامییەکان یان کەمایەتییە ئایینییەکانی ناسراو ئازادن، بە مەرجێ کە بنەماکانی سەربەخۆیی، ئازادی، یەکێتی نیشتمانی، ڕێسا ئیسلامییەکان و بناغەی کۆماری ئیسلامی پێشێل نەکەن...»[٣] لەو ئاراستەیەدا، یاسای شێوازی چالاکی حزب و گروپە سیاسییەکان، بەم شێوەیە حزب پێناسە دەکات کە: «ڕێکخراوێکە بریتی لە کەسانی راستەقینە کە بە بەرنامەی دیار لەبۆ دەستەبەرکردن و بەشداریی لە دەسەڵاتی سیاسی و رەخنە و چاکسازیی ئەوە، لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی مەرامنامە و ڕێسای ناوخۆیی پەسەندکراوی خۆی لە ئاستی وڵات یان پارێزگا چالاکی دەکات.»

وەک دیارە ئەم پێناسە، پێناسەی گشتیی حزبی سنووردار کردووە بە چالاکی لە چوارچێوەی ڕێسا و ڕێسای کۆماری ئیسلامی کە دیارە جگە لە حزبی ئیسلامی شیعەی لایەنگری رژێم و دەسەڵاتدارەکان، بیرۆکە و ئایدۆلۆژیاکانی دیکە لەبەر ناگرێت. لەم ئاراستەیەدا، ئەم یاسایە لە درێژەدا لە ماددەی ٢ دا دەڵێت: «مەرامنامەی حزب دەبێت ئەو بابەتانەی خوارەوە گەڕەنتی بکات: ئەلف- جیهانبینی، بنەمای هزریی و باوەڕ لە چوارچێوەی ڕێساکانی ئیسلامدا....» و لە خاڵی ٥ دا دەڵێت: «حزبەکانی داواکاری مۆڵەت دەبێت لە مەرامنامە و ڕێسای ناوخۆیی خۆیاندا بە روونی پێبەندبوون بە یاسای بنەڕەتی و بنەمای ویلایەتی رەهای فەقیهـ رابگەیەنن.» هەروەها لە

> یەکێک لە بەربەست و لەمپەرەکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی و حزبی راستەقینە، خودی یاساکانی کۆماری ئیسلامی بووە

ماددەی ٤ دا دەڵێت داواکارانی دامەزراندنی حزب و ئەندامانی لەوەدا دەبێت وەکو یەکێک لە مەرجەکان «باوەڕ و پابەندیی کردەوەییان بۆ یاسای بنەڕەتی و ویلایەتی رەهای فەقیهـ» هەبێت. و بە پێی ماددەی ١٨ و ١٩ پێشێلکردنی بنەماکانی ئایینی ئیسلام و بانگەشە و چالاکی لە دژی ڕێسا ئیسلامییەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن حزبەکانەوە، رووبەڕووی سزا تا ئاستی داخستنیان دەکاتەوە.[٤]


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

کەواتە بەپێی یاسا ئازادیی حزبی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوونی نییە و تەنیا هەندێ ڕێکخراو و لایەنی ناو سیستم و ڕژێم هەن کە بە ناوی حزبەوە چالاکی دەنوێنن، چونکە تەنانەت لە ناو خودی فارسە شیعەکانیشدا زۆرینە حکوومەتی ئایینی و بەتایبەت ویلایەتی ڕەهای فەقیهیان قەبووڵ نییە. بەم پێیە زۆرینەی خەڵکی ئێران لە هەبوونی حزب و ڕێکخراوی سیاسی یاسایی و چالاکی یاسایی بێبەش کراون. هەرچۆنێک بێت، دەکرێ لەو لایەنانەی کە بە ناوی حزبەوە چالاکی دەکەن بە شێوەی خوارەوە لە چوارچێوەی دوو ڕەوتی چەپ و ڕاستدا باس بکرێت.

### مێژوویەک لە حزب و ڕەوتە سیاسییەکان

مێژووی پێکهاتنی حزب لە ئێراندا دابەش کراوە بە پێنج خولەوە: یەکەم لە ١٩٠٦ی زایینی تا ١٩٢٥، دووەم لە ١٩٤١ تا ١٩٥٣، سێیەم لە ١٩٦٠ تا ١٩٦٣، چوارەم لە ١٩٧٩ تا١٩٨١، پێنجەم لە ١٩٩٧ تا ئێستا.[٥] حزبەکان هەر لە سەرەتاوە دەکەونە بازنەی ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکان و لەوانە چەپ و ڕاست. لەڕاستیدا پێکهاتنی ڕەوتی چەپ و ڕاست لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی «مەشرووتە» لە ساڵی ١٩٠٦ و پاش ئەوە کە چەند حزبی سیاسی سەریانهەڵدا و دوو حزبی گرنگی «عامیون» و «ئیعتیدالیون» کە لە ساڵی ١٩٠٩-١٩٠٨ دا پێکهاتن، نوێنەرایەتی ئەو ڕەوتانەیان دەکرد. حزبی «ئیجتماعیون عامیون» (سۆسیالیست) و دواتر «دیموکرات» یەکەم حیزبی سیاسی بوو کە دامەزرا و بەرنامەی کاری سۆسیال دیموکراتی هەبوو و لە بەرانبەریدا حزبی پارێزکاری «ئیجتماعیون ئیعتدالیون» سەریهەڵدا. دواتر لە سەردەمی پەهلەویەکانیشدا بە شێوازێک ئەو دوو بەرەیە درێژەی هەبوو و حزبە چەپەکان لەوانە حزبی کۆمونیست و توودە و... لە ڕەوتی چەپ و حزبە پارێزگارەکان و سەر بە حکوومەت لە ڕەوتی ڕاستدا بوون. هەروەها لە سەردەمی پەهلەوی دووەمدا تەنانەت هەندێ حزب کە تێکەڵێک لە بیرۆکەی چەپ و ئیسلامی بوون سەریانهەڵدا، بۆ نموونە حزبی «بزووتنەوە (نیهزەتی خواپەرستانی سۆسیالیست». بەم شێوەیە هەر لە سەردەمی مەشرووتەوە بەرەبەرە ڕەوتی چەپ و ڕاست دیارتر دەبوو و بە پێکهاتنی ڕەوتی ئیسلامیش کەم کەم لە ناو ئەم ڕەوتەشدا چەپ و ڕاست سەریانهەڵدا.

حزبە سیاسییەکان لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩ دا لە ئاراستەی دوو تەوەرەی ئایدۆلۆژیکی سەرەکیدا ڕێکخران: یەکەم ئایینی و دووەم سێکیولار.[٦] کە زۆری پێنەچوو هەموو سێکیولارەکان سەرکوت و لە گۆڕەپان وەدەر نران. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە توێژی مەلا («ڕۆحانییەت») دەبێتە خاوەن ڕێکخراوی سیاسی فەرمی بەهێز و بەرچاو.[٧] پاش شۆڕشی

**”بەپێی یاسا ئازادیی حزبی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوونی نییە و تەنیا هەندێ ڕێکخراو و لایەنی ناو سیستم و ڕژێم هەن کە بە ناوی حزبەوە چالاکی دەنوێنن“**

١٩٧٩ پەیڕەوانی ئایەتوڵڵا خومەینی گرنگترین حزبی ئیسلامییان بە ناوی «حزبی کۆماری ئیسلامی» پێکهێنا کە بەپێی مەرامنامەکەی، سەروەریی سەرچاوەی لە خوایە و هەموو یاسا و ڕێساکان دەبێت لەسەر بنەمای شەرعی ئیسلام بن.[٨] پاش تێپەڕینی سەردەمی کورتی ئازادی حکوومەتی ناسراو بە باڵی لیبراڵ بە ڕێبەرایەتی ئەندازیار بازرگان کە نۆ مانگ درێژەی خایاند و لە بەرانبەر هێزە توندڕەوەکاندا پاشەکشێیان کرد[٩] و سەقامگیر بوونی کۆماری ئیسلامی، دەکرێ

بڵێین تا ١٩٨٨ تاکە حزب واتە «حزبی کۆماری ئیسلامی»[١٠] حکوومەتی دەکرد. لە نزیکەی ساڵی ١٩٨٤ دا هەندێ کەلێن لە ئاستی سەرکردایەتی سیاسی حکوومەتی ئیسلامیدا پێکهات، سەرەتا لە بەرانبەر پرسە ئابوورییەکان و پاشان لە بەرانبەر پرسە نێودەوڵەتییەکاندا.

لەم ململانێیەدا باڵی ناسراو بە حزبوڵڵا کە پێشتر لە بەرانبەر لیبراڵەکاندا پێکهاتبوو، بە رێبەرایەتی میرحوسێن مووسەوی وەک باڵی چەپ زاڵ بوو. گروپی بەرانبەری ئەم باڵە، باڵێکیان پێکهێنا کە دواتر بە باڵی راست و میانەڕەو ناسرا و لە دژی ئەشەنەی هەمەلایەنەی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا بوون. لە ساڵی ١٩٨٨ بە دواوە و پاش پێکهاتنی قەڵشت لە «جامیعەی رۆحانییەت موبارز» (کۆمەڵەی مەلایانی خەباتگێڕ) و جیابوونەوەی باڵی چەپی ناو ئەو رێکخراوەی مەلایان، باڵی راست و چەپ لە بەرانبەر یەکدا زەق ببوونەوە. دواتر بەرەبەرە باڵی راستی میانەڕەو زاڵ بوو کە گرنگترین کەسایەتییان عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی بوو کە لە ساڵی ١٩٨٩ دا بوو بە سەرۆک کۆمار. لە ساڵی ١٩٩٤ دا دیسان باڵی چەپ بەرەبەرە بەهێز ببووەوە. ئەم باڵە لە بنەڕەتدا بەرهەمی پێداچوونەوە لە بۆچوونی «حزبوڵڵا» بوو و ئەم جارە ئیشکی خستبووە سەر پەرەپێدانی ئازادی سیاسی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا. بەڵام ئەزموون و پێشینەی ئەم باڵە کە رێخەی دەگەڕێنەوە سەر بازنەی رادیکاڵ و توندڕەوی «حزبوڵڵا»، لە باڵ و بازنەکانی ناسراو بە لیبراڵی ئەم وڵاتە جیای دەکردەوە.[١١] هەرچۆنێک بێت، پاش پێکهاتنی قەڵشت لە «جامیعەی رۆحانییەت موبارز»دا کەم کەم بە هۆی جیاوازیی بیروڕا بوار بۆ جیابوونەوە و سەرهەڵدانی حزب و گروپەکانی تریش هەڵبەت لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی کۆماری ئیسلامیدا رەخسا. بۆیە لە سەرەتای دەیەی نەوەدی زایینی تا مانگی گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠٠ نزیکەی ١١٠ حزب و کۆمەڵی سیاسی کە زۆربەیان سەر بە دوو باڵی چەپ و راستی ئیسلامی بوون لە کۆمیسیۆنی «مادە ١٠ی ئەحزاب»ی وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی چالاکییان وەرگرت.

راپرسییە گشتییەکان پیشان دەدەن کە خەڵک زۆر کەم ئەم حزب و رێکخراوانە دەناسن.[١٢] هەندێ لەم رێکخراوانە کە ناسراوترن بریتین لە: «حزبی موئتەلیفەی ئیسلامی» کە درێژەدەری «هەیئەتەکانی موئتەلیفەی ئیسلامی» و «جەمعییەتی موئتەلیفەی ئیسلامی»یە و لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٩٦٣ دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٨٨ پاش هەڵوەشاندنەوەی حزبی کۆماری ئیسلامی وەکو حزبێکی سەربەخۆ کاری کرد و لە ساڵی ١٩٩٠ دا مۆڵەتی وەرگرت؛ «رێکخراوی موجاهدینی شۆڕشی ئیسلامی ئێران» کە گروپی ئەندامانی چەپی جیاوەبوو لە «رێکخراوی موجاهدینی شۆڕشی ئیسلامی»یە و لە ساڵی ١٩٩١ دا مۆڵەتی وەرگرت؛ «حزبی ئۆکمەیی ئێران ئیسلامی»[١٣] کە لە ١٩٩٨ دا دامەزرا بۆ پشتگیری لە بزاڤی «دووی جۆزەردان»[١٤] و بەرنامەکانی خاتەمی؛ «حزبی ئیسلامی کار» کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا دامەزرا و لە حزبە چاکسازیخوازەکانە؛ «حزبی بەرەی بەشداریی»[١٥] کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا پێکهات؛ «حزبی کارگێڕانی بنیاتنانی ئێران»[١٦] کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا دامەزرا و لە باڵی راست جیا بووەوە.

## حزبەکانی دوو رەوتی چەپ و راستی ئیسلامیی

بە هۆی کۆمەڵە هۆکار و لەمپەرگەلێک کە رێخەیان لە پێکهاتەی دەسەڵات لەلایەک، و سروشتی یاریزانانی سیاسی لە کۆماری ئیسلامی لەلایەکی ترەوەیە، پانتایی سیاسی لە ئێراندا ئەوەندە روون و دیار نییە کە رەوتە سیاسییە گرنگەکان لێکتر جیابکرێنەوە. شێوازی بڵاوەی دەسەڵات لە کۆمەڵگا، پێکهاتەی سیستمی سیاسی، رێژەی زۆری ناوەندەکانی کاریگەر لەسەر رەوتی کردەوەی سیاسی، روانگەی نەرێنی لەسەر حزبایەتی و بە چاکە زانینی دۆخ و ئاکاری ناحزبی، زاڵیەتی رۆڵ و پێگەی تاک بە سەر کردە و ماکی رێکخراوە، سنووردارکردنی رکابەرایەتی، نەرمونیان نەبوون لە کردەوەی سیاسی لە بەرانبەر ئەو حزب و کەسانەیدا کە بە «ئەوی تر» و «بێگانە» دێنە ئەژمار، لاوازی

حزب و حزبایەتی، گرێدراویی ماڵیی و سەربەخۆ نەبوونی حزبەکان و لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی لەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی روون نەبوونی سیاسەت و ڕێبازەکان و بگۆڕی زۆری هەڵوێست و بەرنامەکان. بەپێی پێوەری «لەخۆ» (خودی) و «ناخۆ» (شۆڕشگێڕ و دژەشۆڕش یان دژە ڕژێم) هێزە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی کە ئەمەکدارییان هەیە بۆ دەستوور، ڕێبەری ڕژێم و بەهاکان و ئارمانەکانی شۆڕش، وەک هێزی «لەخۆ» و هەموو هێزەکانی تر و چالاکان و ڕێکخراوە نیوە فەرمی و نایاساییەکان وەکو «ناخۆ» دێنە ئەژمار. بەم پێیە تەنیا ئەو هێزانەی لەخۆن ڕێگەپێدراون بۆ بە فەرمی چالاکیکردن و بەشداریی لە دەسەڵات. هێزە ئێرانییەکانی نائیسلامی و سێکیولار وەک لایەنگرانی پاشایەتی، بەرەی نیشتمانی[١٧]، هێزی

> **زۆرینەی خەڵکی ئێران لە هەبوونی حزب و ڕێکخراوی سیاسی یاسایی و چالاکی یاسایی بێبەش کراون**

ئایینی-نیشتمانی («نیهزەتی ئازادی»)، حزبی میللەت و... تاد، هەروەها هێزەکانی سەر بە نەتەوە و ئایینە نافارس و ناشیعەکان وەک حزبە کوردییەکان، بەلووچەکان، تورکەکان، عەرەبەکان و ... تاد هەموو لەخۆ نین و کەواتە دەبێت لە دەرەوەی دەسەڵات بن.

پێوەری تری دەستەبەندی ناو سیستمی کۆماری ئیسلامی، چەپ و ڕاستە. لەڕاستیدا پۆلێنبەندی چەپ و ڕاست یان ڕیفۆرمخواز و پارێزکار سەرەکیترین دەستەبەندی ڕەوت و باڵە سیاسییەکانی ناو سیستمی کۆماری ئیسلامین کە بۆ دابەشکردنی حزب و گروپەکان بەکاردەهێنرێت. وەک پێشتر ئاماژە کرا، بەکارهێنانی دەستەبەندی چەپ و ڕاست هەر لە سەردەمی ئایەتوڵڵا خۆمەینییەوە بەکاردەهێنرا کە دەسەڵاتداران لە ناو خۆیان لە ڕێکخراوی مەلاکاندا واتە «جامیعەی ڕۆحانییەت موبارز» و حزبە گرێدراوەکەی واتە «حزبی کۆماری ئیسلامی» بە هۆی بیروڕای جیاوازیان باڵی چەپ و ڕاستیان پێ دەگوترا.

دەستەواژەی ڕەوتی چەپ بە بێ پاشکۆی نەریتی یان مۆدێرن کاتێک زیاتر بووە باو کە باڵی چەپ واتە بەشێک لە مەلاکانی «جامیعەی ڕۆحانییەت موبارز» لە ساڵی ١٩٨٨ دا جیابوونەوە و «مەجمەعی ڕۆحانیوونی موبارز»یان پێکهێنا. هەرچەند ئێستاش ئاڕادەیەک بەکار دێت بەڵام لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ڕەفسەنجانییەوە کز بووەوە و لە پاش بزاڤی دووی جۆزەردانی ١٩٩٧ ئەدی لە وێژەی سیاسیدا ئەوەندە باوی نەما. بنەمای ئەم پۆلێنبەندییە بە زۆری ڕوانگەی ئابووری و هەروەها هەڵوێست لە سیاسەتی دەرەوەدا بوو. ڕەوتی ڕاست لەو کاتەدا خوازیاری ئابووری تایبەتی و بازرگانی ئازاد و ئازادی تاک لە دەستەبەرکردنی داهات و لایەنگری بازاڕی نەریتی بوو.

ڕەوتی چەپ («مەجمەع ڕۆحانیوون») لایەنگری ئابووری دەوڵەتی و پاڵپشتی دەوڵەت لە یارمەتی بۆ توێژی کەم داهاتی کۆمەڵگا بوو و ئابووری بازاڕی بۆ وڵات بە زیانبار و مەترسیدار دەزانی. بەپێی ئەم پێوەرە، «مەجمەعی ڕۆحانیوونی موبارز»، «ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی»، «حزبی بەشداریی ئێرانی ئیسلامی»، «مەجمەعی مودەڕڕیسین و موحەققین عیلمییەی قوم»، «حزبی ئیسلامی کار» و «ماڵی کرێکار»[١٨] لە سەرەکیترین ڕێکخراوەکانی باڵی چاکسازیخواز یان بە گشتی باڵی چەپی کۆماری ئیسلامین. ڕێژەی ئەم گروپانە زۆرە و لە حزبەکانی بچووکتر یان کەمتر گرنگ دەکرێ بە «حزبی تۆکمەیی»، «خەڵک سەرووەریی»[١٩] و «میانەڕەویی

و پەرەپێـدان»[٢٠] ئامـاژە بکرێـت. لـە گرنگترین ڕێکخراوەکانـی باڵـی پارێـزکار یـان بناژۆخـواز[٢١] دەکرێت بە «جامیعەی مودەڕڕسین حەوزەی عیلمییەی قـوم»، «جامیعـەی ڕۆحانییـەت موبـارز تـاران»، «حزبـی موئەلیفـە»، «جامیعەی ئیسـلامی ئەندازیـاران»، «کۆمەڵی لەخۆبـردووان»[٢٢]، «بەسـیجی خوێنـدکاران» و هەنـدێ هاوپەیمانی وەک «ئاوەدانیخـوازان»[٢٣]، «بۆنی خۆشی خزمـەت»[٢٤] و «پێڕەوانی هێڵی ئیمام و ڕێبەر»[٢٥] ئامـاژە بکرێـت.[٢٦]

بە شێوەی گشتی و وردتر لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتە سیاسییەکاندا، حزبەکانی ئێران بەم شێوەیە پۆلێنبەندی کـراون[٢٧]: یەکـەم، حزبەکانـی سـەر بـە ڕەوتـی ڕاسـتی نەریتـی کـە «جامیعـەی ڕۆحانییـەت موبـارز»، «جەمعییەتـی موئەلیفـەی ئیسـلامی» دوو گرووپـی سـەرەکین و ئاڕاسـتەکانی دیکەی ڕەوتی ڕاسـت لە دڵـی ئـەم دوو گرووپـەوە هەڵقـوڵاون. لە باری سیاسـییەوە ئەم ڕەوتـە ڕوانگـەی پارێزگارانـە، نەریتخـواز و بـە توندیـی ئایینـی هەیـە. لـە کەسـانی سـەر بـەم ڕەوتـە لـە نـاو سیسـتمدا دەکرێ بـە محەمـەد عەلی موەحید کرمانی، عەمید زەنجانـی، غولامـرەزا مسباحی موقـەدەم، ئیمامی کاشـانی، ناتـق نـووری و ... تـاد ئامـاژە بکرێـت. لـە کەسـانی سـەر بـە «جەمعییەتـی موئەلیفـەی ئیسـلامی» حەبیبوڵـڵا عەسـکەر ئـەولادی، ئەسـەدوڵڵا بادامچییـان، سـەید موسـتەفا میرسـەلیم، مورتـەزا نەبـەوی، یەحیـا ئـال ئیسـحاق و ... تـاد و لـە «جامیعـەی ئەندازیـاران» دەکـرێ بـە محەمـەد ڕەزا باهونـەر، عەلـی ئەکبـەر سـاڵحی و ... تـاد ئامـاژە بکرێـت.

دووەم، ڕەوتـی ڕاسـتی بناژۆخـواز («ئوسـوولگەرا») کـە لەڕاسـتیدا بەشـێک لـە ڕاسـتی نەریتیـن و بڕوایـان بـە کایـەی سیاسـی شـاراوە نییـە. ئەمانـە بێجگـە پارێزگاریـی، نەریتخوازیـی و ئایینـی بـوون دوو تایبەتمەندییـان هەیـە: پاراسـتنی ورەی بناژۆخوازیـی («ئوسـوولگەرایی») شۆڕشـگێڕانە و پاراسـتنی بەهاکانـی شـۆڕش. لـە کەسـانی سـەر بـەم ڕەوتـە دەکرێ بـە غولامعەلـی حـەداد عـادڵ، مەهـدی چەمـران، حوسـێن شـەریعەتمەداری، محەمـەد حوسـێن سـەفار هەرەنـدی، عەلـی ئەکبـەر ویلایەتـی، عەبـاس سـەلیمی نەمیـن، عیمـاد ئەفـروغ و ... تـاد ئامـاژە بکرێـت.

سێیەم، ڕەوتـی ڕاسـتی توندڕەو[٢٨] کـە لـە ڕەوتـی سـەرەوە نزیکـن و بریتیـن لـە هەنـدێ ڕێکخـراوی خاوەن ڕوانگـەی توندیـی ئایینـی. گەرچـی ئـەم ڕەوتـە خـۆ بـە هزریـی و فەرهەنگـی و ناسیاسـی دەزانـن، بـەڵام بـە کـردەوە لـە هەمـوو کاروبـاری سیاسـیدا هەڵوێسـت دەگـرن. ڕێکخراوەکانـی «ئەنسـاری حزبوڵـڵا»، حزبوڵڵای تـاران، بەشـێک لـە «گرووپـی شـەڕوانانی ئیسـلام»[٢٩]، و ناوەنـدی توێژینـەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵـڵا مسـباح یـەزدی لـە ناووکـە گرنگەکانـی ئـەم ڕەوتـەن. کەسـانی زەقیـان بریتیـن لـە حوسـێن ئەڵـڵا کـەرەم، مەسـعوود دێهنەمەکـی، سـەید ئەحمـەد خاتەمـی و فاتمـە ڕەجەبـی. ئـەم ڕەوتـە خۆیـان بـە لایەنگرانـی ئایەتوڵـڵا مسـباح یـەزدی و ئەحمـەد جەننەتـی دەزانـن.

چـوارەم، ڕەوتـی ڕاسـتی سـەربەخۆ (پارێزگاریـی نـوێ) کـە ئاڕادەیـەک لـە ڕاسـتی نەریتـی هێورتـرن و لـە بەرانبـەر دەسـەڵاتخوازیی «حزبـی موئەلیفـەی ئیسـلامی» و «جامیعـەی ڕۆحانییەتـی موبـارز» و لـە سـاڵی ٢٠٠٨ بەملاوە سـەریهەڵداوە و حزبـە پەیوەندیدارەکان بریتیـن لـە «بـەرەی ئازادبیـران»[٣٠] دامـەزراو لەلایـەن عەبدوڵڵا جاسـبی و هاوبیرەکانـی، حزبـی «شارسـتانییەتی ئێرانـی ئیسـلامی»[٣١] دامـەزراو لەلایـەن میرموحەممەدیـی نوێنـەری شـاری قـوم، «هاوپەیمانـی ئاوەدانیخوازانـی ئێرانـی ئیسـلامی»، «بـەرەی بەردەوامیـی شۆڕشـی ئیسـلامی»[٣٢] و «کۆمەڵـی لەخۆبردووانـی شۆڕشـی ئیسـلامی» کـە مەحمـوود ئەحمـەدی نـژاد، حوسـێن فەدایـی، عەبدولحوسـێن ڕۆحەلئەمینـی، سـادق مەحسـوولی، مورتـەزا ئاقا تهرانـی، غولامحوسـێن ئیلهام و ... تـاد لـە کەسـانی گرنگـی ئـەو ڕێکخراوانـەن.

پێنجـەم، ڕەوتـی ڕاسـتی میانەڕەو بریتی لـەو حزبانەی کە سـەربەخۆ بـوون لـە ڕاسـتی نەریتـی. ئـەم ڕەوتـە کـە لـە سـاڵی ١٩٩٩ دا سـەریهەڵدا تێکنۆکراتەکانـی ڕەوتـی ڕاسـتی لەبەردەگـرت. ئەمانـە هێورتـرن لـە ڕاسـتی سـەربەخۆی پارێـزگار، بـەڵام بـە گوێـرەی ڕەوتـی ڕاسـتی مۆدێـرن (واتـە حزبـی «کارگێڕانـی بنیاتنـان») کەمتر بڕوایان بـە

چاكسازیی بەربڵاو هەیە. ڕاستی میانەڕەو لە نێوان ڕەوتی ڕاستی سەربەخۆ و ڕەوتی ڕاستی مۆدێرن دایە. ئەم ڕەوتە لە ژێر كاریگەری ئەكبەری هاشمی ڕەفسەنجانیدا بووە. ڕەفسەنجانی وەك باوكی ڕۆحی ڕەوتی ڕاستی میانەڕەو و مۆدێرنە كە تێكنۆكراسی تایبەتمەندی هەردوو ڕەوتەكەیە. لە كەسانی سەر بەم ڕەوتە دەكرێ بە حەسەن ڕۆحانی و محەمەدی هاشمی، عەلی موتەهەری و عەلی لاریجانی ئاماژە بكرێت. حزبی «میانەڕەویی و پەرەپێدان» گرنگترین ڕێكخراوی ئەم ڕەوتەیە. لە ئەندامانی ئەم حزبە دەكرێ بە محەمەد باقر نەوبەخت، فاتیمە هاشمی ڕەفسەنجانی، ئەكبەری تورکان و ... تاد ئاماژە بكرێت.

شەشەم، ڕەوتی ڕاستی مۆدێرن. ئەم ڕەوتە بە «حزبی كارگێڕانی بنیاتنان» و ڕۆژنامەوان و كەسانی گرێدراوی ئەوە دەگوترێت. حزبی ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٩ دا لە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی وەرگرت. ئەم ڕەوتە ڕەوتێكی جیاوەبوو لە ڕەوتی ڕاستە بەم جیاوازییەوە كە سەرۆكەكانی هیچ كات پەیوەندییان بە «جامیعەی ڕۆحانییەت موبارز» و «جەمعییەتی موئتەلیفەی ئیسلامی» نەبووە و لە ڕێگای هاشمی ڕەفسەنجانییەوە بە ڕەوتی ڕاستی میانەڕەو و «جامیعەی ڕۆحانییەت»ەوە گرێدرابوون. لە كەسانی ناسراوی ئەم ڕەوتە دەكرێ بە غوڵامحوسێن كەرباسچی، عەتائوڵڵا موهاجرانی، موحسین هاشمی ڕەفسەنجانی، محەمەد عەلی نەجەفی، فائزە هاشمی ڕەفسەنجانی، ئیسحاق جەهانگیری و ... تاد ئاماژە بكرێت.

حەوتەم، ڕەوتی چەپی نەریتی كە برێتین لە كەسانی سەر بە «مەجمەعی ڕۆحانیوونی موبارز» و گروپەكانی گرێدراو. لە كەسانی سەر بەم ڕەوتە دەكرێ بە مەهدی كەڕڕوبی، سەید موحەممەد مووسەوی خوینیها، سەید محەمەد خاتەمی، میرحوسێن مووسەوی، محەمەد سەلامەتی و بێهزاد نەبەوی (لە كەسانی گرنگی «ڕێكخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی ئێران»)، موستەفا موعین و ... تاد ئاماژە بكرێت.

هەشتەم، ڕەوتی چەپی دەمارگرژ[٣٣] كە برێتین لە هێزەكانی گەنجتری ڕەوتی چەپی نەریتی و چەپی مۆدێرن. ئەمانە ئارادەیەك بناژۆخواز («ئوسوولگەرا») بوون بەڵام پاش دووی جۆزەردانی ١٩٩٧ بە تونندی ڕوویان لە چاكسازیخوازیی كرد و لە چاكسازیخوازیدا كەوتنە پێشەوەی چەپی نەریتی و مۆدێرن. لە نێو «بەرەی بەشداریی»، «مەجمەعی ڕۆحانیوون»، «ڕێكخراوی موجاهیدینی شۆڕش» و «نووسینگەی پتەوكردنی یەكبوون»[٣٤]دا هەبوون. پاش ماوەیەك هەموو ڕۆژنامەكانی سەر بەم ڕەوتە داخران. ئەم ڕەوتە پاش هیوابڕان لەو چاكسازییانەی محەمەد خاتەمی بە دوایەوە بوو، ڕایگەیاند كە چاكسازیی گەیشتووەتە پنەوی و داخراوی و ڕێگای دەرچوون لەوە ڕێفراندوم و ڕاپرسی گشتی و گۆڕانی یاسای بنەڕەتییە. سەید موستەفا تاجزادە، ئەعزەم تاڵقانی، هاشم ئاغاجەری و موحسین سازگارا، ئەكبەر گەنجی، لە ئەندامانی ڕێكخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی لە كەسانی ناسراوی ئەم ڕەوتەن.

نۆیەم، ڕەوتی چەپی میانەڕەو. ئەم ڕەوتە بەشێك لە هاوپەیمانی «دووی جۆزەردان» بوون كە لە محەمەد خاتەمی پشتگیرییان كرد. جیاوازیی ئەم ڕەوتە لەگەڵ چەپی مۆدێرن لە خێرایی چاكسازییەكان و چۆنیەتی ئەوەدایە و بڕوای بە چاكسازیی ئارام و وردە وردە و بێ توندوتیژیی و گونجاو لەگەڵ كۆمەڵگایە، كەچی ڕەوتی چەپی توندڕەو بڕوای بە پەرەپێدانی سیاسی خێرا و چاكسازیی ڕیشەیی هەیە.

«حزبی تۆكمەیی ئێرانی ئیسلامی» كە لە ١٩٩٨ دا پێكهات گرنگترین حزبی ئەم ڕەوتەیە. هەروەها «حزبی ئیسلامی كار»، «ماڵی كرێكار» و بەشێك لە مەلاكانی «مەجمەعی ڕۆحانیوون موبارز» سەر بەم ڕەوتەن. لە كەسانی بەرچاوی ئەم ڕەوتە دەكرێ بە عەلی ڕەبیعی، عەلیڕەزا مەحجوب، سوهەیلا جلودارزادە، و ... تاد لە «حزبی ئیسلامی كار» و «ماڵی كرێكار»، و ئەلیاس حەزرەتی، مەرزییەی حەدیدچی دەباغ، ئیبراهیم ئەسغەرزادە و ... تاد لە حزبی «تۆكمەیی ئێرانی ئیسلامی» ئاماژە بكرێت. لە

«مەجمەعی رۆحانیوونی موبارز» کەسانێ وەک مەجید ئەنساری، سەید هادی خامنەیی، سەید مەحمود دوعایی و ... تاد بە هاوبیری ئەم رەوتە دێنە ئەژمار.

دەیەم، حزبەکانی سەر بە رەوتی چەپی مۆدێرن. ئەم رەوتە هەڵقوڵاو لە بزووتنەوەی دووی جۆزەردانی ١٩٩٧ بوو و هەندێ دروشمی نوێی هێنایە ئاراوە وەک: ئازادیخوازیی، پەرەی سیاسی، گەڕەنتی ئازادی مەدەنی، کۆمەڵگای مەدەنی، ئازادی چاپەمەنی و چاکسازیی. ئەم رەوتە پاش گەیشتن بە دەسەڵات دەستی دایە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی جۆراوجۆر کە زۆربەیان داخران. رێکخراوگەلێک وەک «بەرەی بەشداریی ئێرانی ئیسلامی»، «رێکخراوی موجاهیدینی شۆڕش»، «حزبی یەکیەتی گەلی ئێرانی ئیسلامی»[٣٥]، بەشێک لە «نووسینگەی پتەوکردن» و... سەر بەم رەوتە بوون. «بەرەی بەشداریی ئێرانی ئیسلامی» لە حکوومەتی خاتەمیدا بەشداریی بەهێزیی هەبوو و سەید محەمەد رەزا خاتەمی، عەبدوڵڵا رەمەزانزادە، موحسین میردامادی، سەعید حەجاریان و موستەفا تاجزادە، محەمەد رەزا عارف، موحسین سەفایی فەراهانی، عەباس عەبدی، مەعسوومە ئیبتکار، ئیلاهە کولایی، لە کەسانی بەرچاوی ئەم حزبەن. محەمەد رەزا تابش، سەعید رەزەوی فەقیهـ، عەلیرەزا عەلەوی تەبار، هادی خانیکی، عەلی شەکوری راد، رەجەبعەلی مەزروعی، عیمادەدین باقی، فاتیمە هەقیقەتجوو و ... تاد لە کەسانی تری بەرچاوی ئەم رەوتە بوون.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


[١] احمد نقیب زاده، احزاب سیاسی و گروه های ذی نفوذ، (تهران، قومس، چاپ اول ١٣٨٨)، ص ١٢٢.

[٢] بهرام اخوان کاظمی، علل ناکارآمدی احزاب سیاسی در ایران، تهران: انتشارات مرکزاسناد انقلاب اسلامي، ١٣٨٨.

[٣] قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، مصوب ١٣٥٨ با اصلاحات و تغییرات مصوب ١٣٦٨.

[٤] قانون نحوه فعالیت احزاب و گروههای سیاسی، ١٣٩٥/٨/٢٦، مرکز پژوهشهای مجلس شورای اسلامی.

[٥] حسین مسعودنیا و داود نجفی، «احزاب سیاسی و توسعه سیاسی در ایران؛ چالشها و راهکارها»، مجله علمی تخصصی پژوهشهای سیاسی، سال اول، شماره دوم، ١٣٩٠، ص ١١٠.

[٦] حسین بشیریه، دیباچه ای برجامعه شناسی سیاسی ایران، (تهران، نگاه معاصر، چاپ اول ١٣٨١)، ص ٢٧.

[٧] مسعودنیا و نجفی، ١٣٩٠، ص ١١٤.

[٨] بشیریه، ١٣٨١، ص ٢٨.

[٩] سعید برزین، جناح بندی سیاسی در ایران، از دهه ١٣٦٠ تا دوم خرداد ١٣٧٦، (تهران: نشر مرکز، چاپ اول ١٣٧٧)، ص ٤٨.

[١٠] حزب جمهوری اسلامی

[١١] برزین، ١٣٧٧، ص ٥٠.

[١٢] http://www.news-pardis.com/post٣٨٨٦

[١٣] حزب همبستگی ایران اسلامی

[١٤] جنبش دوم خرداد

[١٥] حزب جبهه مشارکت ایران اسلامی

[١٦] حزب کارگزاران سازندگی ایران

[١٧] جبهه ملی

[١٨] خانه کارگر

[١٩] مردم سالاری

[٢٠] اعتدال و توسعه

[٢١] اصولگرا

[٢٢] جمعیت ایثارگران

[٢٣] آبادگران

[٢٤] رایحەی خوش خدمت

[٢٥] پیروان خط امام و رهبری

[٢٦] جمشید برزگر، «نیروهای سیاسی ایران چگونه دسته بندی شده اند»، ١٩ مه ٢٠٠٩ - ٢٩ اردیبهشت ١٣٨٨: http://www.bbc.com/persian/iran/٢٠٠٩/٠٥/٠٩٠٥١٩_political_groups_pm_jb_ir٨٨

[٢٧] عباس شادلو، «جریان شناسی احزاب سیاسی ایران»، ١٣٩٦: http://www.asre-roshangari.ir

[٢٨] جریان راست متعصب

[٢٩] هیئت رزمندگان اسلام

[٣٠] حزب چکاد ئازاد ئەندیشان

[٣١] حزب تمدن ایران اسلامی

[٣٢] جبهه پایداری انقلاب اسلامی

[٣٣] جریان چپ متعصب

[٣٤] دفتر تحکیم وحدت

[٣٥] حزب اتحاد ملت ایران اسلامی

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان ناوەندێکـی قازانـج نەویسـتی سـەربەخۆیە، کاردەکات بـۆ ئەنجامـدان و پشـتگیریکردن و هاندانـی توێژینـەوەو پێشکەشـکردنی بـە ڕای گشـتی، هەروەهـا وەرگێڕانـی کتێـب و نوێتریـن توێژینـەوە جیهانییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و دەوڵەمەندکردنـی لیتریچـەی کـوردی لەبوارەکانـی سیاسـەت و دیراسـاتی ئاینـدە، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەمنییـەکان، ئاگادارکردنـەوەی دەسـتەبژێری سیاسـیی کـورد لـەو هەڕەشـانەی کـە ڕووبـەڕووی کوردسـتان و ناوچەکـە دەبنـەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS